بۆ هاوڕێ ئازیزمان موئەیەد ئەحمەد و خیزانە بەڕێزەکەی باوکی خۆشەویستمان محمد فەرەج عبدالله

پاش سلاو ڕێز

خۆشەویستان، بەداخەوەین کە هەواڵی مەرگی دۆستو هاوڕێو کەسی نزیکی ژیانی سیاسیمان، باوکی ئێوەی بەڕێز محمد فەرج دەبیستین، لە قولایی دلەوە بە بستنی ئەم هەوالە نارەحەت بووین. هاوکات لەگەل بیستنی ئەم هەوالە ناخۆشە تەمەنێکی درێژی یادەوەریمان وەبیرهاتەوە، کاتێك لەسەختترین ڕۆژگارەکانی خەباتمان بۆ بەرز ڕاگرتنی ئالای کۆمۆنیزم و ئازادیو ئینسانیەت، ئەم باوکە ئازیزەمان وەك یەکێك لەئێمە هاوکارو پشتیوانیکی دڵسۆزمان بوو. محمد فرج بەهەمان شێوە بۆ خێزانو هاوسەرو منالەکانی نمونەی باوکیکی دلسۆزو رووخۆشو بەریز بوو، لەم بارەیەشەوە شایستەی ئەوەیە وەکو نمونەی باوکی سەرکەوتوو ناوی ببریت.

سەرباری ئەمانە، هەر یەك لە ئیمە ئەو راستیەی لەبەرچاوە کە محمد فرجی بەریزو ئازیزمان، هەموو کات هاوریکانی موئەیدی وەك کوری خۆی چاو لیدەکردو لەگەل هەریەك لە ئیمەدا هەر وەکو موئەید مامەلەی دەکردنو ریزی لیدەگرتینو دەیپاراستینو بە خەممانەوە بوو، لە هەموو تەنگانەو ناخۆشیو ئالوگۆریکدا، پرسیاری یەك بە یەکی رابەرانی حیزبی دەکرد.

خۆشەویستان،

ئاشکرایە کە مەرگی بەریز محمد فەرج ئازاریکی گەورەیە بۆ هەموومان، ئیمەش هەموو وەکو ئێوە هەست بەو ئازارە دەکەین، چونکە ئێمەش وەك ئێوە پشتیوانو دڵسۆزێکی خۆمان لەدەستدا. هیوادارین کە ئەمە دوایین ناخۆشی بێت، بەشداری خەمتانینو لەئامێزی خۆشەویستیمانتان ئەگرین.

مەکتەب سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق